کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:55 24-8-2007

**"پلانە نهێنییەکەی ئەمریکا، تیرۆکردنی سەرکردەکانی پەکەکە... مافەکانی کوردی عێراق دەکاتەوە وەهم "خوێندنەوەیەکی کورت بۆ پلانە نهێنییەکەی ئەمدواییەی ئەمریکا" ... نامۆ عەبدوڵلا**

لە سەروبەندی باسی هێرشکردنە سەر عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، تاکە پرسێك کە لە سەرکردایەتی سیاسی ئێمە دەکرا پرسی ئەوەبوو کە<< کورد چی دەکات دوای رووخانی رژێم؟>>. ئەم پرسیارە لە لای بەشی هەر زۆری ئێمەی کورد جگە لە راگەیاندنی سەربەخۆی کوردستان بە کەرکوك و هەموو ناوچەکانی ترەوە هیچی تر نەبوو. بۆ وێنە ئەم پرسیارە چەند جارێك لە میدیاکانەوە رووبەرووی مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان کرایەوە و ئەویش دەیوت "وەڵامەکەی بۆ ئەو کات هەڵدەگرین و دەبێت بزانین بەدیل کێ دەبێت".

ئەم چەشنە وەڵامانە ئەو کات بە وەڵامێکی عەقڵانی دەبینران. زۆرێك لە میدیاکان تێروانینی خۆیان لەم باسەدا چڕ کردبووەوە. هەندێکیان پێیان وابوو ئەم شەرە لە دوای ئەمریکا بەپلەی یەك بۆ کوردە، چونکە وایاندادەنا کە کورد خاوەنی ئەزمونێکی تارادەیەك باشی حوکمڕانییە لە ناوچەکەدا و دەتوانێت بە ئاسانی بە پشکی شێری خۆی بگات. جگە لەمەش کورد لە هەمووی زیاتر قوربانی داوە، لە هەمووی زیاتر چەوسێنراوەتەوە لە لایەن رژێمی عێراقەوە. بۆیە دەوڵەتی عێراق قەرزاری کوردە و کوردیش بە ئاسانی قەرزەکەی وەردەگرێتەوە. هەندێکیش تەنانەت باسیان لە دروستبونی دەوڵەتی کوردی دەکرد.

بەڵام ئەمرۆ ئەو دەستی دەستییەی کە کورد لەسەر مافەکانی پێی دەکرێت، ئەوەمان نیشاندەدەن کە ئەو وەڵامانەی ئەو سەردەمە چەندە لە خۆوە و لاعەقڵانی بوون. ئێستاکە بۆمان دەردەکەوێت کە کورد نەك بە ئەزموون بەڵکو لە هەموو لایەنەکانی تری عێراق (بە میلیشیاکانی باشوریشەوە) بێ ئەزموونترە. بێ ئەزموونی کورد هەر لە سەرەتای پرۆسەی داگیرکردنی عێراقەوە دەبینرێت. بەوەی کورد لە گەڵ تورکیادا رازی دەبێت کە بە هیچ شێوەیەك لە کاتی پرۆسەکەدا پێشمەرگە نەچێتە ناو کەرکوکەوە. ئەمە گەورەترین هەڵەو بێ ئەزموونییە و سەرەتایەکی گەورەی دۆڕاندنی کەرکویش بوو.
جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین لە بەرامبەر چیدا کورد ئەم پیاوەتییە لە گەڵ تورکیادا دەکات؟

هەندێك پێیان وایە ئەم پیاوەتییەی کورد (مەبەست دەسەڵاتی کوردییە) ئەسڵەن لە گەڵ تورکیادا نەبووە. بەڵکو لەگەڵ ئەمریکادا بووە. چونکە لەو کاتەدا تورکیا ترسی راپەڕینی کوردەکانی لە کەرکوکدا لێنیشتبوو کە ئەمەش پێویستی بە هێزێکی وەك هێزی پێشمەرگە دەبوو رێبەری ئەو راپەڕینەی بگرتبایەتە ئەستۆ (وەك ساڵی 1991) . لەو کاتەدا تورکیا بە ئەمریکا دەڵێت "رەزامەندی منیش پێویستە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق "، بۆیە چەند مەرجێك دەخاتە پێش ئەمریکا لە بەرامبەر رازیبونی و لە هەمانکتیش ئاسانکاریکردنیدا (چ زەمینی بێ یان ئاسمانی) بۆ هێزەکانی ئەمریکا. یەکێك لەو مەرجانەش نەهێشتنی چونەناوەوەی پێشمەرگە دەبێت بۆ شاری کەرکوك.

هەندێکی تر پێیان وایە بۆ پیاوەتی شەخسی بارزانی و تاڵەبانی دەگەڕێتەوە لە گەڵ تورکیادا. دوای ئەوەی تورکیا رۆژانێك هاوکاری ئەم دوو پارتەی کردووە لە دژی پەکەکە و یەکتری. ئەمەش بۆ بەڵێنێکی کۆنی ئەوکات دەگەڕێتەوە کە بە تورکیایان داوە و ئەمرۆ (مەبەستم کاتی ئازادی عێراقە) بۆی جێبەجێدەکەن.

بۆ هەر مەبەستێك بوبێت لە سەر حیسابی خەڵکی کوردستان بووە و دواجار بە بێ بەرامبەر ئەم پەیمانە دراوە کە پێشمەرگە نەچێتە ناو کەرکوکەوە. ئەگەر نا پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردی وەڵامی ئەم پرسیارەی میللەت بداتەوە کە ئەگەر لەگەڵ تورکیادا رێککەوتوە، لەبەرامبەر چیدا بووە؟ ئەگەر لەگەڵ ئەمریکاشدا رێککەوتوە دیسانەوە دەمانەوێت بزانین بۆ؟ کوا ئەگەر ئەمریکا هەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەرەنتییەك یان هەر پەیمانێکی بە کورد دابێت؟ نەك شتێکی لەم جۆرە نابینین بەڵکو چەندین کۆمپرۆمایزیشمان دیوە (مساومە) کە بە کورد کراوە لە لایەن ئەمریکاوە بەرامبەر تایفەکانی عەرەب لە عێراقدا، بەتایبەتی سونە. تەنانەت لە دادگایکردنەکانی سەدام و داروودەستەکەیدا میللەتی خاوەن زۆرترین قوربانی کێشەکانی نادیار دەبێت، هێرۆشیماکەی باسی لێوە ناکرێت کە دەکرا بەباسکردنی هەڵەبجە دەیان نهێنی ئاشکرا بووبان.

جگە لە بە وەهم بوونی کەرکوك و سەرجەم خەونەکانی تر، ئەمرۆ ئێمە مەترسی گەورەتر دەبینین کە ڕووبەڕومان دەبێتەوە. ئەویش سەرەتای دەستپێکردنی هاوئاهەنگی کردنی ئەمریکایە لە گەڵ تورکیا و کۆتایی هاوپەیمانیەتییەتی لە گەڵ ئێمەدا. ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو دیك چینی سەردانێکی "کاپیتۆڵ هیڵ "ی کرد و پلانێکی نوێی سەرۆك بۆشی بە یاسادانەران ڕاگەیاند. دوا بەدوای ئەویش بەهەمان شێوە وەکیلی وەزیری بەرگری ئەمریکا ئیرك ئێدلمان بۆ مەبەستی هەمان پلان بەرەو "کاپیتۆڵ هیڵ" بەڕێ دەکەوێت (کە کۆڵمنوسی ئەمریکی ڕۆبێرت نۆڤاك ئاگاداری ئەم پلانەیەو پەردەی لە سەرهەڵدەماڵێت) . ئەوە هاتووە کە ئیدلمان بە فەخرەوە پلانەکە بۆ یاسادانەرەکان و ئەندامانی کۆنگرێس باسدەکات. لە پلانەکەدا باس لە هاوکاری تورکیای هاوئامانجیان کراوە لە ڕێگەی هێزە تایبەتیەکانی ئەمریکاوە بە مەبەستی تیرۆرکردنی سەرکردەکانی پەکەکە لە چیاکانی کوردستانی عێراق.

یاسا دانەرانی ئەمریکا کاتێك دەپرسن کە ئەم پلانە تاچەندە عەقڵانییە، کە شەڕێکی تری گەریلا بکەن؟ ئیدلمان دڵنیایان دەکاتەوە کە سەرکەوتن بە دەست دێنن، چونکە ناوبراو وتی کە پلانەکە زۆری پێناچێت و بە ماوەیەکی کورت کۆتایی پێ دێت.

ڕەنگە بۆ ئێمە زۆر گرنگ نەبێت کە پەکەکە چی لێدێت یان نایەت، دەسەڵاتی کوردیش بەهەمان شێوە نەوێرێت بە هیچ شێوەیەك بەرگری لە پەکەکە بکات. هۆکاری ئەم نەوێرانەش لە پێش هەموویەوە بۆ خودی پەکەکە دەگەڕێتەوە کە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هەژمار دەکرێت لە لایەن زۆرێك لە وڵاتانی خۆرئاواییەوە. ئەمرۆش شەڕکردن لە دژی تیرۆر لە ئارادایەوە کوردیش بەهەموو شێوەیەك ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندووە بۆ وەستان لە دژی ئەو شەڕە. هەربۆیە ئەوەتا بە هەر شێوەیەك بێت کورد دەیەوێت لە تورکیا وابگەیەنێت کە بە هیچ شێوەیەك هاوکاری پەکەکە ناکەن، دەرکرنی پەکەکەش لە دەرەوەی توانای ئەوانە (پارتی و یەکێتی) .

بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بەهەند وەربگیرێت و ئێمەش ئیستێکی لە سەر بکەین، سەرەتای ئاشتبونەوەیەکی نوێ یان دروستبونی هاوپەیمانییەکی نهێنی نوێی ئەمریکایە لە گەڵ تورکیادا کە دەرئەنجامەکەی ڕەنگە بە خنکانی کورد و خەونەکانی کۆتای بێت. فەلسەفەی سیاسەت و مێژووش ئەوەمان پێدەڵێت کە نابێت لە کاتێکدا وڵاتێك، ڕێکخراوێك یان هەر پارتێکی سیاسی هاوپەیمانییەتی لە گەڵ دوو لایەنی دژ بەیەکدا هەبێت. هەر بۆیەش ئەمریکا ئێستا کە بەئاشکرا هاوپەیمانییەتی لەگەڵ کوردا هەیە. ناتوانێت بە ئاشکرا هەمان هاوپەیمانییەتی لە گەڵ تورکیادا هەبێت بۆیە پەنای بردۆتە بەر پلان بە شێوازی نهێنی (covert plan) .

چەند مانگێك لەمەو بەر تورکیا، کە ئەندامی ناتۆیە، زەنگێکی بە گوێی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا EU دا کە سوپایەکی گەورەیە لە سەر سنورەکانی عێراق کۆکردوەتەوە. لەو کاتەشدا ژەنەراڵەکانی تورکیا بە ئاشکرا باسیان لە هێرشکردنیان کرد بۆ نێو عێراق بە 200 هەزار سەربازەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:55 24-8-2007

دوای ئەوەش یەکسەر گوێبیستی وەڵامێکی خێرای پەرلەمانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووین، کە هێرشکردنی تورکیا بۆ سەر عێراق واتا بەزاندنی سۆڤێرنتی وڵات، بۆیە ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی پێنادرێت و بەرپەرچ دەدرێتەوە.

سەرکردایەتی سیاسی ئێمە و خەڵکی ئێمەش ئیتر، لە بارەی تورکیاوە، بە ئارامی سەریان نایە سەر سەرین و خەواتن چونکە پێیانوابوو ئەوە مەحاڵ دەبێت کە تورکیا بتوانێت سۆڤێرنیتی خاکی وڵاتێك ببەزێنێت لە کاتێکدا هەموو بەرەکانی ناو عێراق هاوئاهەنگن و بەیەکەوە ڕێگە بەم چەشنە هێرشانە نادەن. بەڵام با بزانین ئەم خەوی غەفڵەتەی ئێمە تا کوێ دەگات و کەی خەبەرمان دەبێتەوە. ئەوەتا سەردانەکی ئەم دوایەی مالکی (سەرۆك وەزیرانی عێراق) بۆ تورکیا، کە زۆرێك لە کۆبونەکانی دووبەدوو بووە لە گەڵ تورکیادا. چاودێرە سیاسییەکان لێکدانەوەی باش بۆ ئەم مەسەلەیەش ناکەن بەرامبەر بە کورد. ڕەنگە ئەم سەردانەی مالکی بۆ ئەوە بوبێت کە تورکیا دڵنیا بکاتەوە کە کەرکوك و کوردستان وەهمێکی کوردی زیاتر هیچی تر نییە هەتا ئەوان مابن و ماددەی 140 یش دەخەنە مۆزەخانەوە.

ئاشکرایە ئێمە لە وڵاتێکداین کە بەشێکین لە جیهانی سێیەم، لە وڵاتانی جیهانی سێیەمیشدا دەستور ئەو سەنگەی نییە کە لەوڵاتانی خۆرئاوادا هەیە، بۆیە دەکرێت ماددەکانی هەڵبوەشێنرێتەوە و جێ بەجێنەکرێت. وەك ئێستا خۆمان شاهێدی ئەو گاڵتەپێکردنەین کە بە دەستور دەکرێت لە عێراقدا. بۆیە دەبێت لێرە بەدواوە بە هیچ شێوەیەك نە باس لە ماددەی 140 بکەین و نە دەستور، بەڵکو بە دوای ڕێگە چارەی تردا بگەڕێین <<ڕێگە چارەی خۆرهەڵاتی>> نەك خۆرئاوایی.

ئەم پلانە نهێنیەی ئەمریکا کە بۆ شەرێکی نهێنییە بە هاوکاری لە گەڵ تورکیادا بۆ هاتنە ناوەوەی خاکی عێراق و بە مەبەستی لە ملدانی سەرکردەکانی پەکەکە. دوای کوکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە سەربازەی تورکیا دێت کە کۆیکردوەتەوە لە سەر سنور. ئەمریکا وای لە تورکیا کردووە کە دەست لە هێرشکردنە سەر عێراق هەڵگرێت. لە بەرامبەر ئەمەدا بەیەکەوە شەڕی پیسی (dirty war) ئەمریکا- تورکیا لە دژی پەکەکە دەستپێبکەن، بە بەکارهێنانی هێزی هەوایی ئەمریکیی و چاودێریکردن لە ڕیگەی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە hi-tech surveillance)) . ئەمریکا خۆشی لە ئاشکرابوونی ئەم پلانە دەترسێت، هەربۆیە و زۆر بە نهێنییە. چونکە یاسادانەران پێیان وایە خۆتێوەگلانی ئەم شەڕە لەگەڵ تورکیادا دژی پەکەکە ئەمریکا زیاتر لە جیهان دادەبڕێنێت. بۆیە ئێدڵمان وتویەتی "بەهیچ شێوەیەك ڕێگا نادەین ئەم شەڕە ئاشکرابێت و بێتە ئاستی خەڵکی. ئەگەر ئاشکراش بوو زۆر بە توندی نکۆڵی لێدەکەین". ئەمەش تەدەخولکردنی تورکیایە بەشێوەیەکی نهێنی و مۆدێرن. ئیتر ئۆتۆمبیلەکان و فڕۆکەکانی ئەمریکا کە دێنە کوردستان و عێراق تەنیا خۆیانی تیادا نین، بەڵکو میت و هەواڵگری تورکیشیان لە گەڵدایە.

ئەم شەڕە نهێنییە و هاوپەیمانییە نهێنییەی ئەمریکا، ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەمریکا هەرگیز ئامادەنییە دەست لە هاوپەیمانیەتی لە گەڵ تورکیادا هەڵگرێت و دەیەوێت داوای لێبوردنیش لە تورکیا بکات کە بۆ ماوەیەك هاوپەیمانی کوردەکانی کردووە لە ڕووخانی ڕژێمی سەددامدا لەو دوورکەوتوەتەوە. ئاشکرایە تورکیا هەرگیز خۆشی بە هاوپەیمانیەتی ئەمریکاو کورد نەهاتووە. و زۆریش نیگەرانی ئەوەبووە کە ئەم هاوپەیمانیەتیەی کورد لە گەڵ ئەمریکادا ڕەنگە داهاتووەکەی بە دانیشتنی کوردەکان کۆتای بێت لە سەر چاڵە پڕنەوتەکانی کەرکوك. کوردەکان ببنە یەکەیەکی دەوڵەمەندی دراوسێی تورکیا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕۆژگارێك لە ماوەی شەڕی سارددا پەکەکە خۆی بە شوێنکەوتوی مارکسی-لینینی دەزانی. ئەمەش وایکردبوو کە ببێتە نەیارێکی ئەمریکا و ولاتانی ئەوروپی. دەزگای هەولگری ئەمریکی (CIA) ئەوکات بۆ ماوەیەکی درێژ سکوادی تیرۆرکردنی لە تورکیادا ڕادەهێنا بۆ تیرۆرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی پەکەکە. تورکیا، ئێستا لە لایەن کوردەکانی تورکیاوە تۆمەتبار دەکرێت بە کوشتنی زیاتر لە سی هەزار کەس لە ماوەی ئەم چەند دەیەیەی ڕابردوودا. لە گەڵ ئەوەشدا تۆمەتبار دەکرێت بە تیرۆرکردن، ڕەبیپکردن (ێختیاب)، سەرکوتکردن، و ڕفاندنی ژمارەیەکی زۆر کورد.

بەڵام ئێستاکە چی دیکە پەکەکە خۆی بە هەڵگری ڕێبازی مارکسی-لینینی نازانێت. و بەڵگەکانی ئەم ساڵانەی دوایش ئەوەمان نیشاندەدەن کە پەکەکە لە لایەن CIA و ئیسرائیلەوە هاوکاریکراوە بۆ هێرشکردنە سەر ئێران و شێواندن و لەقکردنی حکومەتی ئێرانی.

لە دوای ئەم پلانە نهێنیەی ئەمریکا بۆ شەڕێکی نهێنی لەگەڵ تورکیادا دژی پەکەکە کە بە دەگمەن باسی لێدەکرێت و تەنیا ڕەنگە یاسا دانەران ئاگاداری ئەو پلانە بن. پێویستە ئێمە وریابین چونکە وادیارە ئەمریکا بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات لە خنکان لەو شەڕەی کە تێی کەوتووە لە عێراقدا ڕەنگە هەموومان بخنکێنێت. ئەم خنکاندنەش سەرەتاکەی لە پەکەکەوە دەستپێدەکات و پەتەکەش ئەو کاتە دەگاتە ملی ئێمە کە ئەم هاوپەیمانیەتییە بتەوبێت و شێوەیەکی ئاشکرا وەربگرێت.

ئێستا بەرژەوندییەکانی ئەمریکا بۆ کورد بەرەو کاڵبونەوە دەچێت. تاکە وڵاتێکی کە هێشتا حەزی بە هاوئاهەنگییە لە گەڵمان ئیسرائیلە چونکە ئیسرائیل وەك پارێزەرێکی چاك سەیرمان دەکات بۆ خۆی و بۆ دژایەتیکردنی فەندامێنتالیستی ئێرانی و تورکی بەکارمان بێنێت. هەربۆیەشە سەرکردەکانمان قسەی سەری زمان و بنی زمانیان دەستورێکی عەلمانییە بۆ کوردستان.

.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.